# ئايا بينينى پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە خەودا چى دەگەيەنێت ؟

[ كردي – كوردى – kurdish ]

عبد السلام محمد پشدەرى

پێداچونەوەی: پشتيوان سابير عەزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# رؤية رسول الله ﷺ في المنام

« باللغة الكردية »


عبد السلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2013 - 1434

IslamHouse.com

# ئایا بینینی پێغەمبەر
# (صلى الله علیە وسلم) لە خەودا چی دەگەیەنێت ؟

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود وصەلات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت وهاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

خوشك وبرایانی بەرێزم زۆر جار لێرە ولەوێ گوێ بیستی ئەوە دەبین کە فڵان کەس یان فیسار کەس خەوی بەپێغەمبەرەوە ( صلى الله علیە وسلم) بینیوە، یان لێمان دەپرسن ئایا خەو بینین بەپێغەمبەرەوە ( صلى الله علیە وسلم) چی دەگەیەنێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، لە بابەتی ئەم جارەماندا بەیارمەتی خوای گەورە هەوڵدەدەین شیکاری ئەم مەسئەلەیە بکەین .

فەرموودەکانی پێغەمبەر ( صلى الله علیە وسلم) بەڵگەیە لەسەر ئیمکانیەتی بینینی پێغەمبەر ( صلى الله

علیه وسلم) لەخەودا، وە هەرکەسێك لەخەودا ئەو ببینێت ئەوە بەڕاستی بینیویەتی .

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال النبي ( صلى الله عليه وسلم) « من رآني في المنام فقد رآني، فإن الشيطان لا يتمثل بي » [البخاري العلم (١١٠) و مسلم الرؤيا (٢٢٦٦) ]

واتە : هەرکەسێك من ببینێت لەخەودا ئەوە منی بەڕاستی بینیووە، چونکە شەیتان ناتوانێت خۆی بخاتە شێوەی منەوە، وە لەفەرموودەیەکی تریش کە بوخاری وموسلیم ڕیوایەتیان کردووە هاتووە : عن أبي هريرة (رضي الله عنه) عن النبي ( صلى الله عليه وسلم) قال: « من رآني في المنام فسيراني في اليقظة، ولا يتمثل الشيطان بي » [صحيح البخاري برقم (٦٩٩٣) ، ومسلم برقم (٢٢٦٦) ].

واتە : پێغەمبەر ( صلى اللە عليە وسلم) دەفەرموێت : هەرکەسێك من ببینێت لەخەودا ئەوە وەك ئەوە وایە بەهۆشیاری منی بینیبێت، چونکە شەیتان خۆی ناخاتە شێوەی منەوە... بوخاری دەڵێت ابن سيرين وتویەتی : « ئەگەر هاتوو

لەسەر شێوەی خۆی بینی »  وە هەر لەم بارەیەوە ڕیوایەت کراوە، عن جابر بن عبد الله عن النبي ( صلى الله عليه وسلم)  أنه قال: « من رآني في النــوم فقد رآني فإنه لا ينبغي للشيطان أن يتشبه بي »  [مسلم برقم (٢٢٦٨) ]

واتە : پێغەمبەر ( صلى اللە علیە وسلم) فەرموویەتی : هەرکەسێك لەخەودا من بینی ئەوە بێگومان بەڕاستی منی بینیوە، چونکە بۆ شەیتان نییە خۆی بخاتە سەر شێوەی من .

ئەم فەرموودانە هەموویان بەڵگەن لەسەر ڕاستی بینینی پێغەمبەر ( صلى اللە علیە وسلم) لەخەودا، وەهەرکەسێك لەسەر شێوەی خۆی پێغەمبەر( صلى اللە علیە وسلم)  ببینێت ئەوە خەونەکەی ڕاستە، چونکە شەیتان ناتوانێت شێوەی خۆی بخاتە سەر شێوەی پێغەمبەر ( صلى اللە علیە وسلم) ـەوە، وە پێویستە ئاگاداری ئەوە بین بینینی پێغەمبەر ( صلى اللە علیە وسلم) لەخەودا دەبێت لەسەر ئەو شێوە ڕاستیە بێت کە زانایان باسیان کردووە، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت ئەوە

ئەو بینینە ڕاست نییە، هەر لەبەر ئەمەیە ابن سیرین دەڵێت : « ئەگەر هاتوو لەسەر شێوەی حەقیقی خۆی بینی » هەروەك پێشتریش ئامارژەمان پێیدا کە بوخاری لەصەحیحەکەیدا باسی کردووە، هەر بۆیە ئیمامی بوخاری لەشەرحی ئەو فەرموودەدا بۆچوونەکەی ابن سیرینی نقڵ کردووە .

ئەوەیشی زیاتر پشتگیری ئەم بووچوونە دەکات ئەو ڕیوایەتەیە کە حاکم لە ڕێگای عاصم یکوڕی کولەیبەوە ڕیوایەتی کردووە، کەدەڵێت باوکم بۆی گێراومەتەوە، دەڵێت : ووتم بە عبد اللە ی کوڕی عەباس کە پێغەمبەرم ( صلی اللە علیە وسلم) لەخەودا بینیوە، ئەویش ووتی ئادەی چۆن بینیوتە بۆم وەصف بکە، ئەڵێت : ووتم شێوەی وەك حەسەنی کوڕی عەلی وابوو، ابن عباس پێی ووت : بێگومان پێغەمبەرم ( صلی اللە علیە وسلم) شێوەی دەچوویەوە سەر شێوەی ئەو [ابن حجر ئەڵێت سەنەدی ئەم ڕیوایەتە سەنەدێکی باشە]

ئەیوب ئەڵێت : « محمدی کوڕی سیرین هەرکاتێك پیاوێك خەوێکی بۆ بگێڕایەتەوە وبیوتایە پێغەمبەرم ( صلی الله علیه وسلم) لەخەودا بینیوە، پێی ئەووت : ئادەی ئەو کەسەی بینیوتە بۆم وەصف بکە، ئەگەر بەشێوەیەك وەصفی بکردایە کە کە نەیدەناسی، ئەوکاتە پێی دەووت : تۆ ئەوت نەبینیوە » [ابن حجر لە فتح الباریء دا هێناویەتی ودەڵێت : سەنەدەکەی سەنەدێکی باشە] .

وە لەبارەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەریشەوە ( صلی الله علیه وسلم) کە فەرموویەتی : « من رآني في المنام فسيراني في اليقظة » [البخاري التعبير (٦٥٩٢)، مسلم الرؤيا (٢٢٦٦)] واتە : پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی : هەرکەسێك لەخەودا بمبینێت ئەوە بەهۆشیاریش دەمبینێت... زانایان لە تەفسیری بینین بەهۆشیاری لەم فەرموودەیەدا سێ ڕای جیاوازی مەشهوریان هەیە :

یەکەم : ئەوە لەچوار چێوەی لەیەکچوون وهاوشێوە بووندایە، ئەوەیش زیاتر بەڵگەیە لەسەر ئەم بۆچوونە ئەو ڕیوایەتەی موسلیمە کە ئەبوهورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « فكـأنما رآني في اليقظة » واتە : وەك ئەوەوایە بەخەبەر بێت و بینی بینیبێت .

دووەم : ئەم تایبەتە بەخەڵکی باوەڕداری سەردەمی خۆی پێش ئەوەی بینیبێتی، واتە ئەگەر پێش ئەوە خەوی پێوە بینیبێت ئەوا دواتر بەڕاستی بینیویەتی .

سێهەم : ئەم بینینە بۆ ڕۆژی دواییە، واتە ئەو کەسەی کە لەخەودا بینیبێتی تایبەتمەندیەکی زیاتری هەیە بەسەر ئەو کەسەی کە لەخەودا نەیبینیوە، خوای گەورە زاناترە .

بەم شێوەیە هاتینە کۆتایی بابەتی ئەم جارەیشەمان تا بەیەك گەیشتنەوە لەبابەتێکی تردا بەخوای گەورەتان دەسپێرم شاد وسەرکەوتوو سەرفراز بن .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم